# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٩٥) ساڵی بیست و دوو ٢٢/ کانونی یەکەم/ ٢٠٢٢/زاینیی ١/بەفرانبار/٢٧٢٢/ کوردی ٢٨/جەمادی یەکەم/١٤٤٤ کۆچی

295

**پەیڕەوی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
پەیڕەوی هەموارکردنی پەیڕەوی خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق
ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٣ — ل ٢

**بڕیاری ژمارە (١٨١)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
تایبەت بە پێکهێنانی شاندی دانوستانکار لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی — ل ٤

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ**
هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش — ل ٧

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ**
هەموار یەکەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆستنی توێژاڵی (الشريحة الالكترونية)
سیمی ئەلکترۆنی (سیم کارت) ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ — ل ٨

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ**
ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان
لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ — ل ١٣

**ڕێنمایی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
ڕێنمایی تایبەت بە کرێکاری بیانی — ل ١٨

**ڕێنمایی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١ — ل ٢١

**ڕێنمایی ژمارە(٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری**
تایبەت بە ڕاگرتنی گشت خەرجییەک — ل ٢٢

**ڕێنمایی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**
ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستەمەکانی پەخش و ناردن
و پەیوەندییە بێتەلەکانی وەك مۆبایل — ل ٣٢

**بەیانی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان** — ل ٣٣

**بەیانی ژمارە (٢٥ — ٢٦ - ٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ٣٥

**بەیانی ژمارە (٢١-٢٢— ٢٣—٢٤—٢٥ — ٢٦ — ٢٧- ٢٨- ٢٩—٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** — ل ٣٨

**بەیانی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** — ل ٣٩

**بەیانی ژمارە (٦٦- ٦٧ - ٦٨ - ٦٩ - ٧٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی**

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٩٥) السنة الثاني و العشرون ٢٢/ كانون الاول /٢٠٢٢ ميلادي ١/ بەفرانبار / ٢٧٢٢/ كوردي ٢٨/جماد الاول/١٤٤٤هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


# 295


بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ برلمان كوردستان – العراق ص ٤٠


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


نظام رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء ص ١

قرار رقم (١٨١) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء ص ٢

تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٤

تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٧

تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٨

تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ١٣

تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ١٨

تعليمات رقم (٢٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية والاقتصاد ص ٢١

تعليمات رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٢ هيئة حماية و تحسين البيئة ص ٢٢

بيان رقم (٢٥-٢٦-٢٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ٣٣

بيان رقم (٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل ص ٣٥

بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ص ٣٨

بيان رقم (٦٦-٦٧-٦٨-٦٩-٧٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة ص ٣٩



No. 295 Date: December , 22 , 2022 Vol.: 22



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٨١٩٩ لە ٢٠٢٢/١٢/١٣**

پشتبەست بە حوکمی بڕگەی(٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٨٧) لە كۆبونەوەی ژمارە(٩٧) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣ ، ئەنجومەنی وەزیران ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەركرد :-

**پەیڕەوی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**پەیڕەوی هەمواركردنی پەیڕەوی خانەی دایەنگاكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق**
**ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٣**

**ماددەی (١):**

هەمواركردنی بڕگەی(٦) لە ماددەی سێیەم لە پەیڕەوی خانەی دایەنگەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠١٣و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

٦-)

أ- استیفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة الاهلیة بمبلغ (٢٥٠,٠٠٠) مائتان و خمسون الف دینار .

ب- استیفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة في المؤسسات شبه الرسمیة والنقابات والمنظمات والجمعیات بمبلغ (١٠٠,٠٠٠)مائة الف دینار .

ج- استیفاء بدل تجدید اجازة دار الحضانة بمبلغ (١٥٠,٠٠٠) مائة و خمسون الف دینار كل سنتین .

**ماددەی (٢):**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم پەیڕەوە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكەن .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٧٤٠٢ لە ٢٠٢٢/١٢/١**

**بڕیاری**

**ژمارە (١٨١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشتبەست بەحوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (٨٧٢٠) لە ٢٠٢٢/٦/١٥ تایبەت بە نەخشە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەیوەندی نوێی نێوان هەولێر و بەغدا لەدوای پێکهێنانی کابینەی وەزاری نوێی فیدراڵی بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران (محمد شياع السوداني ) بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەر دوولا لەچوارچێوەی دەستوور ، و ئاماژە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦) لە ٢٠٢٢/١١/٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

**یەکەم:** پێکهێنانی شاندی دانوستانکار لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی لەمانەی خوارەوە بۆ دانوستان و گفتوگوکردن لەسەر سەرجەم دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەر دوولا لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراقی فیدراڵ و کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی فیدراڵی بە سەرۆکایەتی (محمد شياع السوداني) کە سەرجەم کوتلە سیاسییەکانی پێکهێنەری کابینەکە لەسەری ڕێککەوتوون و ئیمزایان کردووە و لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەڕۆژی٢٠٢٢/١٠/٢٧ پەسەند کراو سیفەتی پابەندبوونی یاسایی وەرگرتووە :-

١- وەزیری دارایی و ئابووری .

٢- وەزیری سامانە سروشتییەکان بەوەکالەت .

٣- وەزیری پلاندانان .

٤- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران .

٥- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران .

٦- سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .

٧- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٨- نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.

**دووەم:** سەبارەت بەبڕگەی گەڵاڵەکردنی پڕۆژە یاساکانی (نەوت و گاز ، دادگای باڵای فیدراڵی ، ئەنجومەنی فیدراڵی ) وەک لەمنهاجی وەزارییەکە هاتووە هەردوو بەڕێزان (وەزیری داد) و (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ) بەشداریی شاندی دانوستان دەبن .

**سێیەم:** بەپێـی تایبەتمەنـدێتی بـابەتی گفتوگـۆ و دانوسـتان لەگەڵ حکـومەتی فیـدراڵی وەزیرانـی پەیوەندیدار سەرەڕای ئەنـدامانی لیـژنەی هـاتوو لە بـڕگەی (یەکەم)ی سـەرەوە بەشـداریی گەڕی دانوستانەکان دەکەن .

**چـوارەم:** ڕاســپاردنی ســەرجەم وەزارەت ولایەنە نەبەســتراوەکان بە وەزارەت بــۆ ئامــادەکردنی یاداشـتەکان پشتبەسـتوو بـن بە بەڵـگە و دۆکیومێنـت و ژمـارە و زانیـاری لەگەڵ ڕوونکـردنەوەی پاڵپشـتی دەسـتووری و یاسـایی و لە نزیکتـرین دەرفەتـدا سـەرجەم ئەو بەراییـانە بەنووسـراوی فەرمی بخرێتە بەردەست شـاندی دانوسـتانی پێکهـاتوو بەپێـی ئەم بڕیـار تـا لە نزیکتـرین کاتـدا دەست بەگفتوگۆ بکەن .

**پێنجەم:** پێدانی دەسەڵاتی پێویست بەشاندی دانوستان بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە.

**شەشـەم:** سـەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـدارەکان ئەم بڕیـارە جێبەجـێ دەکەن و لە ڕۆژنـامەی (وەقایعی کوردستان ) .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەمجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٦٣٣٣ لە ٢٠٢٢/١١/٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای رێنمایی پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم رێنماییە:

**رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەمواری سێیەمی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام رەش**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٥ ، ٦) لە ماددەی (یەکەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٥- جام ڕەش:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە لە بنەڕەت لە کۆمپانیا بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠٪) و (٨١٪ تا ٩٠٪) رەشن.

**٦- جام ڕەش کردن:** ئەو جامانەی ئۆتۆمبێل کە بە لەزگەی تایبەت بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠٪) رەش دەکرێن.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەموارکردنی بڕگەی(١)لە ماددەی چوارەم لە رێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(١- جامی ڕەشی ئۆتۆمبێل نابێت لە رێژەی (٨٠٪) تێپەڕ بکات جگە لەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە بنەڕەتدا لە کۆمپانیای دروستکەر رێژەی ڕەشی جامەکانیان لە نێوان (٨١٪ تا ٩٠٪).

**دووەم:** هەموارکردنی بڕگەی (٦)لە ماددەی چوارەم لە رێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٦- سێ ستیکەری تایبەت دروست دەکرێت بۆ هەر سێ رێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) و (٥١٪ تا ٨٠%) و (٨١٪ تا ٩٠٪) و لۆگۆیەکی (شفاف) کە رێژەی جام ڕەشەکەی لەسەر نووسرا بێت لێدەدرێت و لە لایەن بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە گشت جامە ڕەشەکانی ئۆتۆمبێل دەدرێت لە دیوی ناوەوە ودەرەوەی خواروی لای راستی دیوی شوفێر و خوارووی لای چەپی دیوی سەرنشین.

**ماددەی دووەم:**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (پێنجەم) و ئەم دەقەیەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم: کرێی کارگێری:**

١- هیچ برە پارەیەک وەک کرێیەکی کارگێڕی وەرناگیرێت بۆ هەردوو بڕگەی (٢/ أ و ب)ی ماددەی چوارەم بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رێژەی ڕەشی جامەکانیان لە بنەڕەتدا (لە کۆمپانیای دروستکەر) لە نێوان (١٪ تا ٣٠٪)

٢-بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە رێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) رەش دەکەن.

٣-بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی (٢/ب) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٣١٪ تا ٥٠٪) ڕەش دەکەن.

٤- بڕی ( ٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی(٢/أ) لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ڕەش دەکەن.

٥- بڕی (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار ساڵانە وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بڕگەی(٢/ب)لە ماددەی چوارەم جامەکانی بە ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ڕەش دەکەن.

٦- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە بنەڕەتەوە ڕێژەی ڕەشی جامەکانیان لە نێوان (٨١٪ تا ٩٠٪) ئەوا سەرەڕای وەرگرتنی پێبژاردنی ڕێژەی (٥١٪ تا ٨٠٪) ی جام ڕەشی ئەوا بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار وەکو بڕاوە (مقطوع) وەردەگیرێت.

٧- بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ دەرکردنی باجی ڕێگەپێدانی جام ڕەش کردنی ئۆتۆمبێل.

٨- بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك کرێی کارگێری وەردەگیرێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ پێدانی موڵەت جام ڕەش یان نوێ کردنەوەی موڵەت.

**دووەم: پێبژاردنەکان:**

١- هیچ بڕە پێبژاردنێکی دواکەوتن لە خاوەنی ئۆتۆمبێل وەرناگیرێت ئەگەر مۆڵەتی جام ڕەش کردنەوەی نوێ نەکاتەوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی کۆتاییهاتنی ماوەی مۆڵەتەکە و دوای ئەو ماوەیە مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و پێویستە دووبارە داواکاری سەرلەنوێ پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش وەکو (مۆڵەتی یەکەمجار).

٢- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك سزا وەردەگیرێت لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەبێ موڵەت یان بە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە جامی ئۆتۆمبێلەکانیان ڕەش دەکەن سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماوەی (٣) سێ ڕۆژ و لابردنی سەرپێچییەکە.

**سێیەم:**

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (١٪ تا ٣٠٪) بێت ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت، بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت ولە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت.

٢- ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەریان بە لەزگە لە (٣١٪ تا ٥٠٪) بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٣١٪ تا ٥٠٪) بدات.

٣-ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥١٪ تا ٨٠٪) بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٥١٪ تا ٨٠٪) بدات.

**چوارەم:** بڕی ئەو پارانەی سەرەوە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**پێنجەم:** ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیا جامی پشتەوە و تەنیشتی سەر سندوق ڕەشە بەدەرن لەم ڕێنماییانە.

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) و زیادکردنی بڕگەی (٣) بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

٢- ئەم ڕێنماییە ئۆتۆمبێلی هەڵگری تابلۆی (شارستانی، بار، کرێ، پیشەسازی و کشتوکاڵ) دەگرێتەوە.

٣- باجی تایبەت بە ڕێگەپێدانی جام ڕەش کردنی ئۆتۆمبێل دروست دەکرێت و دەدرێت بە هەر ئۆتۆمبێلێك کە مۆڵەتی جام رەش کردنی وەردەگیرێت.

**ماددەی (٤):**

١- هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بەیانی (٤٣.٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٢٦٦٥٠ لە ٢٠٢٢/١١/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٢/٨/٢١ لە دیوانی وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و گواستنەوە گەیاندن و کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموار یەکەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆستنی تویژاڵی (الشريحة الالكترونية ) سیمی ئەلکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):** هەڵوەشاندنەوەی بڕگە (٥) لە ڕێنمایی سەرەوە و داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە :

(ماددەی یەکەم /٥- **بریکار**: هەر بریکاریکی مۆڵەتدراو کە خاوەنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕ و ئامێری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ کاراکردنی تویژاڵەکان (سیم کارت) بەپێی ڕێککارە یاساییەکان لە مۆڵەتپێدراو وتۆمارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە دوو جۆر :

أ- **بریکاری سەرەکی:** هەر بریکارێکی مۆڵەتدراو لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن .

ب- **بریکاری لاوەکی:** هەر بریکارێک یان شوێنیکی فرۆشتنی مۆڵەتدراو لە لایەن بریکاری سەرەکی.

**ماددەی (٢):** هەڵوەشاندنەوەی بڕگە یەکەم لە ماددەی (٦) لە ڕێنمایی سەرەوە و داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە .

**ماددەی (٦)یەکەم: رسومات**

١- بڕی (رسومات )ی( ٥٠٠،٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێکی سەرەکی لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت .

٢- بڕی (رسومات )ی (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێکی سەرەکی لە وەزارەتی ناوخۆ .

٣- بڕی (رسومات)ی (١٥٠،٠٠٠)سەدوپەنجاهەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارکردن وڕێگەپێدانی هەر برێکاریکی لاوەکی لە وەزارەتی ناوخۆ .

**ماددەی (٣):** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٢٧٣٩٣ لە ٢٠٢٢/١١/٣٠**

پاڵپشت بەماددەی (٨٧) برگەی (دووەم) لەیاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨سالًی ٢٠١١) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، دوابەدوای رێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢١) کە لە ژمارە (٢٧٧)ی وەقایعی کوردستان لە ٢٠٢٢/١/٢٠ بڵاوکراوەتەوەو بڕیارماندا بە: دەرچوواندنی هەمواری رێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**رێنمایی هەمواری یەکەمی رێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٤) لە ماددەی یەکەم (پێناسەکان) لە رێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٤-هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: بەپێی ئەو پێناسەیەی هاتووە لە ماددەی (١) بڕگەی (سێیەم) لە یاسای راژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی هەردوو فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن ناگرێتەوە).

**دووەم:** زیادکردنی بڕگەیەک لە ماددەی یەکەم (پێناسەکان) لە رێنمایی سەرەوە دەبێتە زنجیرە (٨) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٨- لیژنەی ستەمنامە (غبن):لیژنەیەک بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ پێک دەهێندرێت بۆ پێداچوونەوە بە (ستەمنامە-غبن) کە لەلایەن ئەفسەرانی شایستە بە پلەبەرزکردنەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش دەکرێت .

**ماددەی (٢):**

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٤) لە ماددەی سێیەم لە رێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٤- پێویستە ئەفسەر لە پلەی (مقدم تا پلەی فەریق) توێژینەوەی زانستی بنووسێت وەکو ئەوەی دەقنووسکراوە لە رێنمایی سەرەوە، بە گوێرەی مەرجی هاتوو لە بڕگەی دووەم و هەروەها مەرجەکانی بڕگە یەکەم و چوارەم لە ماددەی (١٠) لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ سەرباری مەرجەکانی هاتوو لە گشتاندنی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ١٦٠٠٧ لە ٢٠٢٢/٧/٢٧ تایبەت بە نووسینەوەی توێژینەوە، جگە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا .

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (١) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پلەی (لیوا بۆ فەریق):

١- لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی دووەم لەماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** پلەی (عەمید بۆ لیوا):

١- لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

٢- ئەم پۆستانە دەیانگرێتەوە

أ- بەڕێوەبەری گشتی

ب- سەرۆکی دەستەی پشکنین

ج- سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

د- ڕاگری کۆلێژی پۆلیس

ە- سەرۆک و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

و- سەرۆکی داواکاری گشتی.

**سێیەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**سێیەم:** پلەی (عەقید بۆ عەمید):

١- لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

٢- پێویستە پۆستی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لەیەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ)، و (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لەیەکێک لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان)، بەمەرجێک بەڕێوەبەرایەتییەکە لە پەیکەری ڕێکخستنی پەسەندکراو هەبێت،یان پشکێنەر بێت لە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ،یان ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان فەرماندەی باڵەکان بێت لە کۆلیژی پۆلیس.

**چوارەم:** هەڵوەشاندنەوەی  بڕگەی چوارەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**چوارەم:** پلەی (مقدم بۆ عەقید):

( لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

**پێنجەم:** هەڵوەشاندنەوەی  بڕگەی پێنجەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** پلەی(رائد بۆ مقدم) بەم جۆرەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:

(لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

**شەشەم:** هەڵوەشاندنەوەی  بڕگەی شەشەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**شەشەم:** پلەی (نەقیب بۆ رائد):

(لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

**حەفتەم:** هەڵوەشاندنەوەی  بڕگەی حەفتەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**حەفتەم:** پلەی (ملازمی دوو بۆ ملازمی یەک و بۆ نەقیب):

(لەم دەرچووانە بێت کە دەقنووسکراوە لە ماددەی (٥/چوارەم) لە یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ وهەروەها دەرچووانی کۆلێژی سەربازی).

**ماددەی (٤):**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی پێنجەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم: توێژینەوەی پلە بەرزکردنەوە و لیژنەی هەڵسەنگاندن:**

١- ئەو ئەفسەرانەی کە داواکاری بۆ پلە بەرزکردنەوە پێشکەش دەکەن و بە گوێرەی ئەم ڕێنماییە لێیان داوا کراوە کە توێژینەوە بنووسن، پێویستە توێژینەوەی تایبەتمەند بە بواری کارکردنی خۆیان و بە گوێرەی بنەماکانی توێژینەوەی زانستی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەرانەی کە لەلایەن پەیمانگەلە وەزارەت ئامادە دەکرێت، توێژینەوەکانیان لە ڕێگای زنجیرەی پێداچوونەوە بەلایەنی کەم چوار مانگ پێش هەر خشتەیەکی پلەبەرزکردنەوە  ڕەوانەی وەزارەت بکەن.

٢- بە فەرمانی وەزاری لیژنەیەکی زانستی تایبەتمەند کە پێویستە لە (٣) کەس کەمتر نەبێت پێک دەهێندرێت ، ئەم لیژنەیە لە ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ حکومییەکانی کوردستان کە بڕوانامەی دکتۆرایان هەبێت، لە گەڵ چەند ئەفسەرێکی هێزەکانی ناوخۆ کە بڕوانامەی زانستیان لە ماستەر لە یاسا کەمتر نەبێت، پێکدێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی ئەفسەران.

٣- لیژنەی ئامازەبۆکراو بە هەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگە، بنەماکانی نوسینی توێژینەوە لە ڕووی زانستی و شێوە (شکلی) ئامادە دەکات و بەر لە هەر خشتەیەکی پلەبەرزکردنەوە بە گشتاندن بۆ دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەنێرێت بۆ ڕەچاوکردنیان ، ئەفسەران بەرپرسن لە ڕەچاوکردنی بنەماکانی توێژینەوە بەر لە ناردنیان بۆ وەزارەت بەمەبەستی هەڵسەنگاندن.

٤- فۆرمی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی ئەفسەران لە لایەن پەیمانگەئامادە دەکرێت و هاووپێچی توێژینەوەکان دەکرێت بۆ ئەوەی لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنەوە نمرەکانی تێدا تۆمار بکرێت.

**دووەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و ئەنجامەکان**

١- هەر توێژینەوەیەک بەر لە ناردنی بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندن، لە لایەن پەیمانگەوە کۆدی پێ دەدرێت و ناوی ئەفسەرەکە لێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەن هەڵسەنگێنەرەوە بێ ناسینەوەی خاوەنەکەی، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

٢- لیژنەی هەڵسەنگاندن بۆی هەیە بڕیار بدات کە جگە لە توێژینەوەی نوسراو، هەڵسەنگاندنی زارەکی بە شێوەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەفسەراندا ئەنجام بدات.

٣- بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بە سەرکەوتوو دابندرێت، پێویستە لە هەڵسەنگاندندا لە (٧٠ ٪) کەمتر نەهێنێت.

٤- ئەگەر توێژینەوەکە کەمتر لە (٧٠ ٪) بەدەستهێنا، لێژنە دەرفەتی دووەم بۆ ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (١٥) پازدە ڕۆژ بە ئەفسەرەکە دەدەن تا ڕەچاوی سەرنجەکانی لیژنەبکات و توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی باشتر پێشکەش بکات. ئەگەر لەم دەرفەتە دەرنەچوو، ئەفسەرەکە بۆ خشتەی دواتری پلەبەرزکردنەوە دوا دەکەوێت.

**ماددەی (٥):**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی دەیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: **ماددەی (١٠):**

١- لەکاتی بەتاڵ بوونی پایەیێک لەوانەی کە لە ماددەی نۆیەم ئامازەیان پێدراوە، دەکرێت ئەفسەرێک بە وەکالەت دابندرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بە شێوەیەکی کاتی.

٢- پێویستە ئەو پۆستە یان ئەو پایەی کە بە وەکالەت پڕکراوەتەوە لە ماوەیەک کە تێپەڕنەکات لە (١) ساڵ بە کەسێکی شایستە بە شێوەیەکی هەمیشەیی پڕ بکرێتەوە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (١) لە ماددەی یازدەیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١- ئەفسەران لەم ماوانەی خوارەوە لە پۆستەکانیان دەمێننەوە:

| ز | پۆست | ماوە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یان یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی | چوار ساڵ |
| ٢ | بەڕێوەبەری بەش | چوار ساڵ |
| ٣ | ئەفسەری نووسینگەی (نەهێشتنی تاوان، بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان) | دوو ساڵ |
| ٤ | ئەفسەری هۆبە یان ئەفسەری بنکە | دوو ساڵ |
| ٥ | ئەفسەرانی پسپۆڕ ئەوانەی بەڕێوەبەری بەش و هۆبەکانن لە (بەڵگەکانی تاوان و بۆمبی نەتەقیو و CBRN) ئەو ماوەیە نایانگرێتەوە تەنیا ئەگەر لە پسپۆرییەک لەم پسپۆرییانە زیاتر لە ئەفسەرێک هەبوو) | چوار ساڵ |

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی خاڵی (٢) لە ماددەی یازدەیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(٢-داواکاری گشتی و سەرۆک و ئەندامانی دادگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پشکێنەرانی دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەدەرن لە بڕگەی (١) ی سەرەوە و لە کاتی پێویست بەفەرمانی وەزیر گۆڕانکاریان پێ دەکرێت).

**ماددەی (٧):**

زیاد کردنی ماددەیەک لە ڕێنمایی سەرەوە بە ریزبەندی ماددە (چواردەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەقەکەی دەخوێندرێتەوە و ریزبەندی ماددەی (چواردەیەم) لە ڕێنمایی سەرەوە دەبێتە ماددەی (پازدەیەم):

ماددەی چواردەیەم: هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا دوای یەکسانکردن یان ڕاستاندنی بڕوانامەکانیان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە پلەی (مقدم تا فريق) توێژینەوەی زانستی نایانگرێتەوە.

**ماددەی (٨):**

١- کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نووسراوێک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بن لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم هەموارە ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کار و کاوباری کۆمەلایەتی**
**ژمارە: ٩٤٣١ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٣٢) لە یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ و لە ژێر رۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی تایبەت بە کرێکاری بیانی**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.

**ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێم.

**وەزارەت:** وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار ودەستەبەری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێوەبەرایەتی کار:** بەڕێوەبەرایەتی کار و بەڕێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێم.

**کرێکاری بیانی:** هەر کەسێکی سروشتی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە و کار دەکات یان ئارەزووی کارکردنی هەیە لە هەرێم بە سیفەتی کرێکار .

**خاوەنکار:** کەسێکی سروشتی یا مەعنوییە کە کرێکارێك یا زیاتر دەخاتە سەرکار بەرامبەر کرێیەك کەپێی دەدات .

**کارخواز:** ئەو کەسەیە کە توانای کارکردنی هەیە وبەدوای دەرفەتی کارکردندا دەگەڕێت.

**مۆڵەتی کار:** بەڵگەنامەیەکی فەرمییە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کار دەردەچێت ماف دەداتە کرێکاری بیانی بۆ کارکردن لە هەرێم.

**گرێبەستی کارکردن:** ڕێکەوتنێکە کە لە نێوان کرێکار و خاوەنکار دەکرێت، کرێکار پابەند دەکات بە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو بۆ خاوەنکار لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی خاوەنکار ، خاوەنکاریش پابەند دەکات بە پێدانی ئەو کرێیەی کە لەسەری ڕێکەوتوون .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** لە پرۆژەکانی بازاڕ و کەرتی تایبەت و پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەولەویەت بە هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەدرێت بە جۆرێك کە بەلایەنی کەمەوە ڕێژەی (٧٥٪) سەدا حەفتاو پێنج دەستی کاری پرۆژەکان هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەبن بۆ دابینکردنی ئەم ڕێژەیەش دەکرێت هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار بکرێت.

**دووەم:** لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت دەستی کاری بیانی لە ڕێژەی (٢٥%) سەدا بیست و پێنج لە هەر پڕۆژەیەک تێپەڕ بکات .

**سێیەم:** ئەو خاوەنکارەی کە لە (٤) چوار کرێکار کەمتر لە پڕۆژەکەی کارپێدەکات نابێت کار بە کرێکاری بیانی بکات.

**چوارەم:** لەو ڕێژەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە پێویستە بە لایەنی کەمەوە ( ٧٠%) حەفتا لە سەدی کرێکاران لە کەسانی دانەمەزراو بن لە هیچ دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵاو .

**ماددەی (٣):**

لەو کارانەی کە کارامەیی پیشەیی لە هەرێم دەست ناکەوێت، دەبێت کرێکاری بیانی کرێکارێکی خۆماڵی فێری کارامییەکە بکات وەک لە ڕێنمایی کارپێکراودا هاتووە.

**ماددەی (٤):**

نابێت خاوەنکار کار بە هیچ کرێکارێکی بیانی بکات ئەگەر مۆڵەتی کاری نەبێت بەپێی ڕێنمایی تایبەت بە کارکردنی کرێکاری بیانی.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** لەکاتی بەدواداچوونی لیژنەکانی پشکنینی کار یان دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوونی پڕۆژەکان پێویستە جەخت لەسەر ماددەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە بکەنەوە و لە ڕاپۆرتی خۆیاندا تۆماری بکەن و وێنەیەك بدەن بە بەڕێوەبەرایەتی کار، بەپێچەوانە بەرپرسیارێتی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ و بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**دووەم:** بە مەبەستی دۆزینەوەی دەرفەتی کار و بەکارخستنی کارخوازان بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەگرنە بەر:

١- ناوی کارخوازان بەپێی ڕیزبەندی ڕێکەوتی گەیشتنی داواکارییەکان تۆمار دەکەن و دەرفەتەکانی کار بەپێی ئەو ڕیزبەندییە پێشکەشی کارخوازان دەکرێت.

٢- نووسینی جۆری ئەو کارەی کە کارخواز داوای دەکات بە پشتبەستن بە بڕوانامە و ئەو بەڵگەنامانە دەبێت کە لە کاتی ناو تۆمارکردندا پێشکەشی دەکات.

٣- بەڵگەنامەی (کارتی کارپێکردن) دەدرێتە کارخواز کە تیایدا زانیاری کەسی وجۆری ئەو کارەی داوای کردووە تۆمار دەکرێت.

٤- ئەگەر کارخواز بە دەرفەتی کاری دۆزراو رازی نەبوو ئەوا مافی ڕیزبەندی لەدەست دەدات، بۆی هەیە دوای تێپەڕبونی(٣)سێ مانگ داواکارییەکی دیکە پێشکەش بکات.

٥- هەر خزمەتگوزارییەکی بەکارخستن لە بەڕێوەبەرایەتی کار پێشکەش بە کارخوازان بکرێت بێ بەرامبەرە.

٦- هەماهەنگی پێویست لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمدا دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی تایبەتمەندی قوتابییە دەرچووەکان.

**ماددەی (٦):**

أ- بەڕێوەبەرایەتی کار سەرپەرشتی و بەدواداچوونی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی کەرتی تایبەت دەکات و ئاماری وەرزییان لێوەردەگرن، بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی پێویست دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ناوە تۆمارکراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکەن لەسەر ژمارەی پڕۆژە تۆمارکراوەکان و ڕێژەی کرێکاری بیانی و خۆماڵی تیایاندا .

ت- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ساڵانە دوو جار ڕاپۆرت بۆ وەزارەت بەرزدەکاتەوە .

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** خاوەنکار بۆی هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی کار بکات کارخوازی بۆ پێشنیار بکات بەپێی ڕیزبەندی تۆماری بەڕێوەبەرایەتی بەم شێوەی خوارەوە:

١- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی کار کە جۆری کار و موچەی مانگانە و مەرجە پێویستییەکانی کارکردنی تیایدا دیاری کرابێت.

٢- پێویستە لە ماوەی (١٥) پانزدە ڕۆژ لە گەیشتنی داواکاری بەڕێوەبەرایەتی کار وەڵامی خاوەنکار بداتەوە بە بوون یان نەبوونی داواکاری کار لەم بوارە.

٣- ئەگەر جۆر و کارامەیی کاری داواکراو لە تۆمارەکەدا هەبوو وەڵامی داواکاری خاوەنکار دەداتەوە. ئەگەر نەبوو ئاگاداری نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

٤- ئەگەر دوای تێپەڕبوونی (١٥) پانزدە ڕۆژ وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی کار نەگەیشتە خاوەنکار، ئەو کات خاوەنکار دەتوانێ کار بە هەر کرێکارێک بکات کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت.

**دووەم:** هەر کاتێک بەڕێوەبەرایەتی کار بە نوسراوی فەرمی ئاگاداری خاوەنکاری کردەوە بەنەبوونی کارامەیی داواکراو لە هەرێم، خاوەنکار بۆی هەیە داوای کرێکاری بیانی بکات بەپێی ڕێکارەکانی هاتوو لە ڕێنماییە بەرکارەکان بە ڕەچاوکردنی ماددەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی کار ناسنامەی کار بە کرێکاری بیانی دەدات کە ناوی کرێکار و ژمارەی پاسپۆرت و وڵات و جۆر وشوێنی کارەکەی لەسەر بێت.

**دووەم:** خەرجی تێچوونی دروستکردنی ناسنامەی کار دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنکار.

**سێیەم:** تێچوی ناسنامەی کار (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینارە.

**چوارەم:** ماوەی ناسنامەی کار ساڵانەیە لەرێکەوتی دەرچوونییەوە، نوێ دەکرێتەوە بەپێی رێنماییە کارپێکراوەکان بەم شێوەیە:

١- لە کاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم

٢- لە کاتی نوێکردنەوەی گرێبەست.

٣- لەکاتی گۆڕینی خاوەنکار.

٤- لە کاتی بزربوونی ناسنامە دوای ئەنجامدانی رێکارەکان بۆ دۆزینەوە و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندار.

٥- دواکەوتنی نوێکردنەوە لە کاتی دیاریکراو دوای پابەندبوونی خاوەنەکەی بە پێبژاردنی دواکەوتن پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان .

**پێنجەم:** بۆ هەر رۆژێکی دواکەوتنی نوێکردنەوەی ناسنامەی کار(١٠٠٠) هەزار دینار وەردەگیرێت دوای تێپەربوونی (١٥) پانزدە رۆژ لەسەر وادەی شایستەبوونی نوێکردنەوەکە .

**ماددەی (٩):**

داهاتی ناسنامەکان کە لە ماددەی (هەشتەم)ی ئەو رێنماییە هاتووە بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکریت:

١- رێژەی (٤٠٪) بۆ هاندانی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی کار دەبێت.

٢- رێژەی (٦٠٪) بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێنرێتەوە.

**ماددەی (١٠):**

بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کاتی وەرگرتنی زانیاری ساڵانە لە خاوەنکاران لە مانگی کانونی دووەم دەبێت رەچاوی ماددەی (دووەم)ی ئەم رێنماییە بکەن. بە پێچەوانەوە بەر پرسیار دەبن و بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

هەر کەسێک سەرپێچی حوکمەکانی تایبەت بە کارپێکردنی کرێکاری بیانی بکات سزا دەدرێت بەپێی یاسای کاری بەرکار لە هەرێم .

**ماددەی (١٢):**

لیستی ناوی کارخوازە تۆمارکراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کار رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی دەکرێت بۆ ئەوەی بەشدار بن لە خولی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی توانای پیشەییان بەپێی پلانێک کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دایدەڕێژێت.

**ماددەی (١٣):**

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم رێنماییە بەڕێوەبەرایەتی کار پابەندە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

**ماددەی (١٤):**

ئەو کرێکارە بیانییانەی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هاتوونەتە هەرێم لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان کاروبارەکانیان ڕێکدەخرێتەوە.

**ماددەی (١٥):**

لەسەرەتای هەر ساڵێک پێویستە خاوەنکار زانیاری لەسەر کرێکارەکانی بدات بە بەڕێوەبەرایەتی کار.

**ماددەی (١٦):**

سەبارەت بە ڕێژەی هاتوو لە برگەی ( دووەم ) لە ماددەی ( دووەم ) ی ئەم ڕێنماییە، ئەو کرێکارە بیانیانەی کە گرێبەستەکانیان پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان بەردەوامە ئەوا لە کاتی نوێکردنەوەی کارتی نشینگە حوکمەکانی هاتوو لە ماددەی ئاماژە پێکراو بەسەر پرۆژەکان جێبەجێ دەکرێت بە شێوەیەك کە نابێت ڕێژەیان (٢٥%) لە سەدا بیست و پێنج زیاتر بێت .

**ماددەی (١٧):**

ئەم ڕێنمایە کارمەندانی ئەم لایەنانەی خوارەوە ناگرێتەوە :

١. ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەولەتییە حکومی و ناحکومییەکان .

٢. نێردراوە دیپلۆماتکارەکان و کونسولخانەکان .

٣. ئەو بیانیانەی کە لە لای حکومەت کار دەکەن .

**ماددەی (١٨):**

خزمەتکارانی ناوماڵ بەدەر دەبن لەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کار و کاوباری کۆمەلایەتی**

**ژمارە: ٩٠١٣ لە ٢٠٢٢/١٢/٦**

پاڵپشت بە ماددەی (٧/ بڕگەی سێیەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (٤٦) لە پەیڕەوی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەمـــوارکردنی خشـــتەی (١) و(٢)ی جـــل وبەرگـــی (پیـــاوان وژنـــان)ی هێـــزی جێبەجێکـــردن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی هەرێم.

**ماددەی (٢):**

ئەو ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کویستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**خشتەی ژمارە (١)**

| ز | جۆری پێداویستی | ژمارە | ماوەی بەکارهێنان بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| **یەکەم: جل و بەرگی هاوینەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / پیاوان** | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | پانتوڵ کۆماندۆ بەرەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت رەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆسەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لە ڕەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ٨ | هەگبەی فیشەك **(جعبة عتاد)** بە ڕەنگی خاکی | ٢ | ١ |
| ٩ | ئێلەگ بە فسفۆڕ بۆ ئیشکگرانی شەو | | |
| **دووەم: جل و بەرگی زستانەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / پیاوان** | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ کۆماندۆ بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی خاکی جڵ | ١ | ١ |
| ٨ | بارانگێڕ بەپێی پێویست | | |
| ٩ | ئێلەگ بە فسفۆڕ بۆ ئێشکگرانی شەو | | |
| ١٠ | بەدلەی کارکردن بەپێی پێویست | | |
| ١١ | بلوز لە رەنگی قاوەیی یان زەیتونی | ١ | ١ |
| ١٢ | قەمسەلە یان پاڵتۆ لە رەنگی خاکی | ١ | ١ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

| یەکەم: جل و بەرگی هاوینەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / ژنان | | | |
|---|---|---|---|
| ز | جۆری پێداویستی | ژمارە | ماوەی بەکارهێنان بە ساڵ |
| ١ | کراسی بە کەتافی بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ بەڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بە ڕِەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی جل | ١ | ١ |
| **دووەم: جل و بەرگی زستانەی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن / ژنان** | | | |
| ١ | کراسی بە کەتافی بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ بە ڕەنگی (خاکی بیابانی) قوماشی کابۆ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی نیو پوت ڕەنگ قاوەیی بە قەیتان | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی سپی | ١ | ١ |
| ٥ | کاسکێت بەڕەنگی (خاکی بیابانی) | ١ | ١ |
| ٦ | ئاڕمی ب.گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەر قۆڵی چەپ | ١ | ١ |
| ٧ | نیتاق لەڕەنگی جل | ١ | ١ |
| ٨ | بارانگێڕ بە پێی پێویست | ١ | ١ |
| ٩ | بلوز لە رەنگی قاوەیی وەیان زەیتونی | ١ | ١ |
| ١٠ | قەمسەلە یان پاڵتۆ لە رەنگی خاکی | ١ | ١ |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٤١٢٧ لە ٢٠٢٢/١٢/١١**

## ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەهۆی نزیک بوونەوەی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بە مەبەستی دیاری کردنی هەڵی گونجاو بۆ یەکە ژمێریارییەکانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەکان ، بە مەبەستی پاکتاوکردنی ژمێریارییەکان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لە کاتی دیاری کراو بڕیاردرا بە :-

١- ڕاگرتنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان(KFMS) لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە تاکو کردنەوەی خەرجی لە ساڵی دارایی ٢٠٢٣ .

٢- ڕاگرتنی گشت خەرجییەک لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٥ بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٢ بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ژمێرەکان جگە لە خەرجییەکانی(مووچە و پێشینەی خەرج کراوی مانگانە و کرێ یەکانی مانگانە و خاوێن کردنەوە و خواردن ).

٣- ڕاگرتنی زیاد کردنی پێشینەی بەردەوامی مانگانە .

٤- ئەم ڕاگرتنە تەموویل کردنی تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرپێدانی پارێزگاکان ناگرێتەوە

٥- لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هیچ داواکارییەکی خەرجی ئاراستەی وەزارەتمان نەکرێت.

٦- ئەو نووسراوانەی کە ڕەزامەندی خەرجی وەزارەتمانیان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان کە ئاراستەی گەنجینەکان دەکرێت ڕێکەوتی دەرکردنیان دەکەوێتەپێش ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٦) جێ بەجێ دەکرێت و ڕانەگیرێت , وە ئەو نووسراوانەی داخلی سیستەم کراون و کاریان لەسەر نەکراوە لە ساڵی نوێ کاری لەسەر دەکرێت .

٧- داخستنی ژمێرەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٣١) پێویستە گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەند بن بە ماوەی ئاماژە پێکراو .

٨- بەپێی ماددەی (١)ی برگەی(١٠) لە یاسای کارگێری دارایی ماوەی(ژمێرەی کۆتاییە) لە (٢٠٢٣/١/١) دەست پێ دەکات تاکو (٢٠٢٣/١/٣١) بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی گشت پێشینەکان کە لە ئەستۆی وەزارەت و فەرمانگەکانن و پێویستە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١/٣١) گشت ژمێرەکانی کۆتایی بنێرێت بۆ وەزارەتمان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری و لە نەناردن یاخود دواکەوتنی بەڕێوەبەری ژمێریاری بەرپرس دەبێت .

٩- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٥ وە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ٢٢٢٢ لە ٢٠٢٢/١٢/٦**

پشت بەست بە بڕگەی (سێیەم) لە حوکمەکانی ماددەی بیست و حەوت لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی(دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستەمەکانی پەخش و ناردن و پەیوەندییە بێتەلەکانی وەک مۆبایل**

**ماددەی(١): دەستەواژە و پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: دەستە:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم: سەرۆك:** سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**سێیەم: لایەنی پەیوەندیدار:** دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو لایەنی پەیوەندیدار.

**چوارەم: تیشکە نا ئایۆنیەکان:** ئەو تیشکە کارۆ موگناتیسییانەیە کە لەرەلەرەکانیان کەمترە لە ($3\times10^{15}$)هێرتزو، وزەی پێویستیشیان نیە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی گەردیلەیی ماددەی زیندوو وەکو تیشکی ڕادیۆیی(RF) و تیشکی ورد (MW) و( IR)تیشکی ژێر سوور.

**پێنجەم: سیستمی مۆبایل:** تۆڕی خزمەتگوزاری پەیوەندی بێتەلی تەلەفۆنی مۆبایلە کە پێکدێت لە سێ بەش:

أ- بگۆڕە (بدالە) ناوەندیەکان.

ب- وێستگە بنەڕەتیەکانی تەلەفۆنی مۆبایل (Mobile phone base station).

ج- تەلەفۆنە مۆبایلەکان (Mobile phone).

**شەشەم: بگۆڕ (بدالە)ی ناوەندی:** دامەزراوەیەکی تایبەتمەندو دابڕاوە، ژێرخانە بنەڕەتییەکانی سیستەمی مۆبایل دەگرێتەوە، لە ئامێرە ئەلیکترۆنی و کارەباییەکان و تاوەرەکان و پێداویستیەکانی بەکارخستن و ئەو خزمەتگوزاریەی کە بنەمای کاری تۆڕی پەیوەندی دابین دەکات ، لە میانی ئاڵوگۆڕی پاکێجی سیگناڵە بێتەلەکاندا لە چوارچێوەی فریکوێنسی تیشکە ووردەکان لە پاڵ وێستگە بنەڕەتییەکانی تەلەفۆنی مۆبایل و سیستەمەکانی دیکەی پەیوەندی لەڕێگای ئەنتێنەکانەوە لە جۆرێکی دیاریکراودا، لەوانەیە تۆڕی سیستەمی مۆبایلی کۆمپانیایەك زیاتر لە یەك بگۆڕی ناوەندی پێك بێت و بگۆڕی ناوەندی لە زیاتر لە یەك وێستگەی بنەڕەتی پێکبێت بە پشت بەستن بە دیزاینەکانی خاوەندارییەتی خودی کۆمپانیاکە.

**حەوتەم: وێستگەی بنەڕەتی تەلەفۆنی مۆبایل:** دامەزراوەیەکی تایبەتمەندو دابڕاوە یان پاشکۆیە لەباڵەخانەیەکی دیکە، پێکدێت لە حاویەیەك کە ئامێرە ئەلیکترۆنی و کارەبایی و ئەنتێنەکان وتاوەرێك یان زیاتری پێداویستیەکانی بەکارخستن و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندی بێتەل لە چوارچێوەی لەرەلەرە دیاریکراوەکانی تیشکی ورد یان ڕادیۆیی یان هەردووکیان بۆ زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرەکان لە مەودایەکی دیاریکراو.

وێستگە بنەڕەتیەکان پۆلێن دەکرێن بۆ سێ پۆل بە پشتبەستن بە ووزەی پەخش و ڕووبەری ڕووماڵکردن (تغطیة) بۆ خزمەتگوزاری تۆڕەکە:

أ- وێستگەی گەورە(Macrocell): بۆ دابینکردنی خزمەتی ڕووماڵکردن کە مەوداکەی لە (١٠٠٠) هەزار مەتر دورترە لە شوێنی ئەنتێنەکان وەك هەندێ شوێن لە ناوەوەی شارەکان و ڕێگا گشتیەکانی دەرەوەی شارەکان .

ب- وێستگەی بچوك (Microcell): بۆ دابینکردنی خزمەتی رووماڵکردنی زیاتر لەناو شارو دەوروبەری کەژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەریان تێیدایەو ، بۆ مەودایەك بگاتە(١٠٠٠)م هەزار مەتر لە شوێنی ئەنتێنەکانەوە، پەخشی ئەم وێستگەیە توانای کەمترە لە وێستگەی گەورە.

ج- وێستگەی هەرە بچوك (Picocell): بۆ دابینکردنی خزمەتی رووماڵکردن بۆ چەند ناوچەیەکی دیاریکراوو قەرەباڵغ بەکارهێنەرەکان و مەوداکەی دەگاتە (١٠٠)م سەد مەتر لەشوێنی ئەنتێن و، پەخشی ئەم وێستگەیە توانای زۆر کەمترە وەك ئەوەی لەفرۆکەخانەکان و وێستگەکانی شەمەندەفەرو بازاڕەکاندا هەیە.

د- جیاوازی نێوان وێستگەی گەورە (macro) و وێستگەی بچووک (micro) بە پێی هێزی گواستەرەوە ( transmitter power ) (قوة الارسال).

| جۆری وێستگە | Transmitter power |
|---|---|
| وێستگەی گەورەmacro | 10بۆ ٥٠ |
| وێستگەی بچووکmicro | 1بۆ ١٠ |
| وێستگەی هەر بچووگpico | 0,25بۆ ١ |

**هەشتەم:** تەلەفۆنی مۆبایل: ئامێرێکی بچوکە بۆ گۆڕینەوەی ئاماژە رادیۆییەکان لەگەڵ سەنتەری خزمەتگوزاری لە بگۆری ناوەندی لە رێگای وێستگە سەرەکییەکان بەتوانایەکی کەم کار دەکات.

**نۆیەم: ئەنتێن** (Antenna): ئامێری ناردن و وەرگرتنی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانە لە نێوان بەشەکانی سیستەمی مۆبایل، بە دیزاین و قەبارەی جیاواز دەبێت بە پێی ویستی بەکارهێنان وەك ئەمانەی خوارەوە:-

أ- ئەنتێنی ڕووماڵکردن: بۆ ئاڵوگۆڕی پاکێجی لەرەلەرە ڕادیۆییەکان لە نێوان وێستگە سەرەکیەکان و تەلەفۆنی مۆبایلە بۆ بەکارهێنەرەکان وەك ئەریەلی پان کراو و ئەریەلی جەمسەری. ( Panel- shaped sector & pole shaped antennas ).

ب- ئەنتێنـی بەسـتنەوە: بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی شـەپۆڵە وردەکـان (Microwaves) لە خـاڵێکەوە بـۆ خـاڵێکی دیـکە نێـوان بگـۆڕی ناوەنـدو وێسـتگە سـەرەکییەکان لەنـاو تـۆڕەکەدا وەك ئـاریەلی دیش(صحن) (dish antenna).

**دەیەم: تاوەر:** ئەو پەیکەرە پێویستەیە بۆ هەڵگرتنی ئەنتێنێك یـان زیـاترو، زۆرجـاریش لە هەڵگرێکـی کـانزایی بـۆڕی یـان یـارچەی بەیەکـداچوو، بەقەبـارەی جۆراوجـۆرو پشـت بەسـت بە فراوانـی رومالکردنی پێویست بۆ خزمەتگوزاری پەیوەندییەکان.

**یازدەم: وێستگەی پەخش:** شوێنیکی ئامادەکراوە بۆ پەخشکردنی پرۆگرامـی ڕادیـۆیی و تەلەفزیـۆنی کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- تـاوەری پەخـش: پێکهـاتەیەکی تۆڕبەنـدانەیە یـان یەك پـارچەیە لەسـەر بنکەیەکـی سـەر زەوی جێگیرکراوە یان بەستراوەتەوە لەسەرەوەیدا ئامێری پەخش یان ئامێری وەرگرتنـی شـەپۆڵەکانی سیستەمی بێتەل بە بەرزی جیاواز بەستراوە.

ب- ئەنتێنەکان: ئامێری پەخش یان وەرگرتنی شەپۆڵەکانی بێتەل بەشێوەی جیاواز لەسەر تاوەرەکە جێگیر دەکرێن.

ج- ژووری پەخش: شوێنێکی جێگیرە لەسەر ڕووی زەوی لەتەنیشت تاوەری پەخـش کە پێکـدێت لە ئامێرو کەرەستەی گەیاندنی پێویست بۆ ئیش پێکردنی ئەنتێنەکان.

د- پاشکۆکان: بریتین لە (مۆلیدەی کارەبا، پەرژین، باڵاخانە خزمەتگوزاری تایبەت بە سەنتەرەکە.

**دوازدەم: پەخشـی ڕادیـۆیی و تەلەفزیـۆنی:** پـاکێجێکە لەتیشـکی کارۆموگناتیسـی نائـایۆنی کە شەپۆڵەکانی لە سنورێکی بڕیار لەسـەر دراوە لەڕووی هـونەریەوە بـۆ هەمـوو جـۆرە پەخشـێك (AM،FM،VHF،UHF).

**سێزدەم: بەرزی ئەنتێنەکان:** ماوەی (پێوانەی درێژی) نێوان سەنتەری تیشکی ئەنتێنەکان بۆ سەر ڕووی زەوی، بەدیاری کراوی ناوەڕاستی ماوەکە (پێوانەی درێژی) لە نێوان پێکهاتەکانی پەخش بۆ سەر ڕووی زەوی.

**چواردەم:** ئاسـتی بەرکەوتـن (Exposure level): چـڕی ووزەی کاروموگناتیسـییە کە لە ئەنتێنەکـانی سیستەمی مۆبایـل دەردەچێـت و دەکەوێـتە سـەر ڕووبەرێکـی دیـاریکراو لە لەشـی مـرۆڤ لە یەکەیەکی کاتداو، بە یەکەی وات/م٢. پێوانە دەکرێت.

**پازدەم:** سـنوری بەرکەوتنـی ڕێپێـدراو: توانـای چـڕی تەریـب لەگەڵ هەردوو بـواری کارەبـایی و کـارۆ موگناتیسی کە بەشێوەی گشتی بەر مرۆڤ دەکەوێت بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی هەبێت و لە چوارچێـوەی سـنوری دڵنیـایی ڕێپیـدراو، بە یەکەی (ملـی وات/سـم٢) یـان (وات/م٢) پێـوانە دەکرێت.

**شازدەم:** لەرەلەر(فریکوێنسی): بڕی لەرینەوەی شەپۆڵەکانی کارۆموگناتیسییە لە هەر چرکەیەکدا، بە یەکەی هێرتز (Hz) پێوانە دەکرێت.

**حەڤدەم:** لەرەلەری پەخشی بێتەل: لەرینەوەی شەپۆڵەکانی کایەی کارۆموگناتیسی بەکارهاتووە بۆ ناردن بەشێوەی بێتەل کە (GHz300-KHz3)یە.

**ماددەی(٢):**

ئامانجی ئەم ڕێنماییە پاراستنی مرۆڤە لە کاریگەرییەکانی تیشکی نائایۆنی دەرچوو لە سیستمەکانی گەیاندن، بەڕەچاوکردنی یاساکانی کار کە پەیوەندیدارن بەکارمەندان لەم شوێنانەی کاری تێدا دەکەن کە پەیوەستە بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەییان. هەروەها ئەم ڕێنماییە لەسەر ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:

١- خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆنی گوازراوە وەك مۆبایل.

٢- خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆنی بێتەلی جێگیر.

٣- خزمەتگوزارییەکانی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی.

٤- خزمەتگوزارییەکانی تۆڕەکانی دیکەی بێتەل.

**ماددەی(٣):**

پێداویستیەکان و پۆلێنی شوێنی سیستەمی مۆبایل بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

**یەکەم:** بگۆڕە ناوەندییەکان لە چالاکییە پیسکارەکانی پۆلێنی (ب) دادەنرێن، وێستگە سەرەکییەکانیش لە چالاکییە پیسکارەکانی پۆلێنی (ج) دەبن، بە پێی ڕەنسیپەکانی پۆلێنکردنی پرۆژەکان و، سەرچاوەی پیسبوون کە دەستە کاری پێ دەکات و دەتوانرێت لە ناو یان لە دەرەوەی سنووری نەخشە بنەڕەتیەکانی شارو شارەدێ و گوندەکاندا کە ڕووەو پەرەپێدانن دابنرێن، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە هونەرییەکان و پێداویستییە ژینگەییەکان بۆ شوێنەکە وەك لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**دووەم:** نابێت ئەمانە دروست بکرێن:

أ- بگۆڕە ناوەندییەکان لەشوێنی نیشتەجێبوون یان لەسەر بیناکانی نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان و سەربانی ماڵان و داینگەکان، بەڵکو پێویستە وەك: دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێت.

ب- وێستگە بنەڕەتییەکان (گەورەو بچوك) لەسەر بیناکانی نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان و دایەنگەکان و لەسەربانی باڵەخانەکانی بەکارهاتوو بۆ مەبەستەکانی دیکەی وەك: نیمچە نیشتەجێبوون، کار، کۆگاکردن، بەخێوکردنی ئاژەڵ، خەوتن، پاسەوانی.

ج- وێستگە بنەڕەتیەکان (گەورەو بچوك) لەسەربانی ئەو بینایانەی کە بە کۆنکریت و شیش دروست نەکراون، جگە لە سەربانەکانی بگۆڕە ناوەندییەکان.

د- وێستگە بنەڕەتییەکان (گەورەو بچوك) لەسەر زەمینی خانووەکانی نیشتەجێبوون وەك: باخچەو حەوشەکانی شوێنە تەرك کراوە یاساییەکانی باڵەخانەو خانوبەرەو شۆستەی شەقامەکان.

**سێیەم:**

أ- لەسەر خاوەن یان ئیشپێکار پێویستە دڵنیابێت لەوەی کەدەتوانرێت وێستگەکانی گەیاندنی بێتەل یان تاوەرە نوێیەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ببەسترێت کە دامەزراون بۆ ئەوەی لە دامەزراندنی نوێ دووربکەوێتەوە، بەمەرجێك چڕی توانای گشتی لە( ٠,٤) چوار لەدە مللی وات/سم٢ زیاتر نەبێت.

ب- دەتوانرێت تاوەرە هاوبەشەکان لە شوێنێکی گونجاو دابنرێن لە ڕووی سنووردارییە شوێنیەکان لەلایەن خودی حکومەت یان کۆمپانیای تایبەت بەدامەزراندنی تاوەرو، بەکرێدانیان بۆ کۆمپانیاکانی مۆبایل بەپێی ڕێکارە دیاریکراوەکان، ئەگەر هیچ تێکەڵاوییەک لەنێوان فرێکوێنسیەکانی تیشکە دەرچووەکاندا نەبێت.

ج- لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا، ئەنتێنەکان لەسەر تاوەرەکان دەبەسترێن کە لەسەر زەوی دانرابن یان لەسەر بانی بیناکان بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- دووری ستوونی نێوان لێواری خوارەوەی ئەنتێننەکانی بگۆرە ناوەندییەکان و وێستگە سەرەکییە گەورەکان و ئاستی ڕووی زەوییەکە لە (١٥)م پازدە مەتر کەمتر نەبێت و، دووری ستوونی نێوان لێواری خوارەوەی ئەم ئەنتێنانە و ئاستی سەربانی بیناکە لە (٦)م شەش مەتر کەمتر نەبێت.

٢- ئەگەر تاوەرەکە یەک ئەنتێنی تێدابێت، دەبێت تاوەرەکان بەلایەنی کەمەوە (٢٠)م بیست مەتر لە ماڵان دوور بێت.

٣- ئەگەر تاوەرەکە دوو ئەنتێنی تێدابێت، ئەوا دەبێت تاوەرەکە بەلای کەمەوە (٣٥)م سی و پێنج مەتر لە ماڵان دوور بێت.

٤- ئەگەر تاوەرەکە چوار ئەنتێنەی تێدابێت، دەبێت تاوەرەکە بەلای کەمەوە لە(٤٥)م چل و پێنج مەتر لە ماڵان دوور بێت.

٥- ئەگەر تاوەرەکە شەش ئەنتێنی تێدابێت، دەبێت تاوەرەکە بەلای کەمەوە (٥٥)م پەنجاو پێنج مەتر لە ماڵان دوور بێت.

٦ -دووری ستوونی نێوان لێواری خوارەوەی ئەنتێنەکانی وێستگە سەرەکییە بچوکەکان و ئاستی ڕووی زەمین لە (١٠)م دە مەتر کەمتر نەبێت و، دووری ستوونی نێوان لێواری ئەم ئەنتێنانەو ئاستی سەربانی باڵەخانەکە لە (٤) چوار مەتر کەمتر نەبێت.

٧- دووری ستوونی نێوان ئەنتێنی وێستگەی سەرەکی هەرە بچوك و ئاستی ڕووی زەمین لە (٢.٥)م دوو مەتر و نیو کەمتر نەبێت لەژوورەوە یان لە دەرەوەی باڵەخانەکان.

٨- دووری ستوونی نێوان لێواری خوارەوەی ئەنتێنەکانی ڕووماڵکردنی وێستگە سەرەکییە گەورەکان و بەرزترین خاڵ لە باڵەخانەکان و دامەزراوەکانی دەوروبەری کە لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە لە (٤) چوار مەتر کەمتر نەبێت لە ناو بازنەیەکدا نیوەتیرەکەی (٣٠)م سی مەتر بێت.

٩- دووری ستوونی نێوان لێواری خوارەوەی ئەنتێنەکانی ڕووماڵکردنی ویستگە سەرەکیە بچوکەکان و بەرزترین خاڵ لە باڵەخانەکان و دامەزراوەکانی دەوروبەری بەکارهاتوو لە لایەن مرۆڤەوە لە (٢)دوو مەتر کەمتر نەبێت و لەناو بازنەیەکدا کە نیوە تیرەکەی (١٢)م دوازدە مەتر بێت.

١٠- دووریی ئاسۆیی لەنێوان ناوەندی دوو تاوەر لە (٥٠)م پەنجا مەتر کەمتر نەبێت بۆ وێستگە بنەڕەتیە بچوکەکان و ، (٣٠٠)م سێ سەد مەتریش بۆ وێستگە سەرەکیە گەورەکان ، تەنها ئەگەر یەکێك لەو دوو تاوەرە یان هەردووکیان تەنیا ئەنتێنی پەیوەندییان هەڵگرتبێت.

١١ - مەودای ئاسۆیی نێوان ناوەندەکانی دوو تاوەری گەڕۆک لەسەر سەقفی هەمان باڵەخانە نابێت لە (١٢)م دوازدە مەتر کەمتر بێت، ئەنتێنی بەکارهێنراویش دەبێت توانای وەرگرتنێکی بەرزی هەبێت، هەروەها توانای وەرگرتنی پێشەوەش بە بەراورد لەگەڵ توانای وەرگرتنی دواوە کەمتر نەبێت لە (20db).

د ـ لەبەر هەستیاری دامەزراوە فێرکارییەکان و تەندروستییەکان، پێویستە کە دووری نێوان ئەو دامەزراوانەو وێستگەکانی پەیوەندییە بێتەلەکان و تاوەرەکانی گەیاندن لە (٥٠٠)م پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.

١- لە ئەگەری هەبوونی دوو تاوەر، کەمەودای نێوانیان کەمتر بێت لە سنووری پێویست و، هەردوو تاوەرەکەش پێش دەرکردنی ڕێنماییەکانی تیشکی نائایۆنی لەلایەن دیوان دەستەی ژینگە دانرابن، ئەوا خاوەنی هەردوو تاوەرەکە تێچوونەکانیان بە یەکسانی لە ئەستۆ دەگرن بۆ جوڵاندنی یەکێک لە تاوەرە پێشێلکەرەکان، بەو پێیەی هەردوو تاوەرەکە پێش دەرکردنی ڕێنماییەکان دانراون.

٢- ئەگەر یەکێك لەتاوەرەکان دوای دەرچوونی ڕێنماییەکان دانرابێت و،ئەوی دیکەیان پێش دەرکردنی ڕێنماییەکان دانرابێت ومەوداکەی کەمتر بوو لە ماوەی دیاریکراو، ئەوا ئەو تاوەرەی دوای دەرچوونی ڕێنماییەکان دانراوە دەبێت لاببرێت یان بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاوی دیکە.

٣-ئەگەر هەردوو تاوەرەکە دوای دەرچوونی ڕێنماییەکان دانرابن و مەودای نێوانیان کەمتر بێت لەوەی کەدیاریکراوە، ئەوا تاوەرە کۆنەکە مافی مۆڵەتی ژینگەیی تیشکی هەیە، یان تاوەرەکەی دیکە دەبێت لاببرێت یان بگوازرێتەوە بۆ شوێنی گونجاو .

٤- ئەگەر مەودای نێوان ئەو دوو تاوەرە کەمتر بێت لەوەی کە دیاریکراوەو، یەکێك لە تاوەرەکانیش تاوەری پەیوەندیەکان بێت و، ئەوی دیکەیان تاوەری ئینتەرنێت بێت، ئەوا وەك تاوەری پەیوەنددی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەچوارچێوەی تیشکە نائایۆنییەکان.

٥- نابێت سیستەمی (ئانتێننای نێژراو) لەناو باڵەخانەکاندا پەیڕەو بکرێت هەتا ڕێنمایی تایبەتیان بۆ دەردەچێت.
٦- ماوەیەک دەدرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کە لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت، بەپێچەوانەوە لایەنی سەرپێچیکار لەڕووی یاساییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.
هـ- ڕێگە دەدرێت بە دانانی سیستەمی بەهێزکردنی مۆبایل لەسەر دیوارەکانی ڕێرەوی ناوەوەو دەرەوەی دامەزراوەکە کە پێویستی بە بەهێزکردنی رووماڵکردن هەیە، بەمەرجێک توانای نێردراوەکان لە (١) یەك وات زیاتر نەبێت و، بەرزییەکەی لە( ٢,٥)م دوومەترو نیو کەمتر نەبێت.
**چوارەم:** نابێت پاکێجەکانی تیشکە وردەکانی دەرچوو لە ئەنتێنەکانی بەستراوی بگۆڕە ناوەندیەکان و وێستگە بنەڕەتیەکانی بە ڕووی باڵەخانەو دامەزراوەکانی دەوروبەری تاوەرەکان ئاراستە بکرێت کە مرۆڤیان تێدا دەژی، دووری ستوونی نێوان ئەم ئەنتێنانەو بەرزترین خاڵیش لە باڵەخانەو دامەزراوەکانی بەرامبەر ڕووی ئەنتێنەکان نابێت لە (٢) دوو مەتر کەمتر بێت.
**پێنجەم:**
أ- ئەو سەربانەی بەکار دێت لە لایەن وێستگەی سەرەکی گەورە یان بچوك، بەدەرگایەکی پتەو دادەخرێت بە پەرژینێکی ناکانزایی(دەشگونجێت پەرژینەکە کانزایی بێت) لە هەموو لایەکیشەوە دەورە دەدرێت بە بەرزاییەك لە (١.٥)م یەك مەترو نیو کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە گەیشتنی مرۆڤ بۆ وێستگەکە، لەگەڵ دانانی نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە بۆ ئەوانەی ڕێگایان پێنەدراوە نزیك ببنەوە، ئەمە بگۆڕە ناوەندییەکان و ئەو وێستگانەش دەگرێتەوە کە لەسەر زەمین دامەزراون و، دەکرێت پەرژینەکەیان کانزایی بێت.
ب- ئەگەر سەربانەکە پەرژین یان دیواری هەبوو لەلایەك یان چەند لایەك ئەوا دروستکردنی پەرژین تەنیا بۆ لایەنەکانی دیکە دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی خاڵی- أ- لەم بڕگەیەدا.
ج- لەسەر خاوەن یان ئیشپێکار پێویستە دڵنیابن لە دوورخستنەوەی هەموو ئەو ئامێرو کەل و پەلانەی کە پێویست نین و، زەویەکەش وەك پێشووتری لێ بکرێتەوە.
د- پێویستە پۆستەری ئاگادارکردنەوە بەشێوەیەکی بەرچاوو لە شوێنێکی دیار دابنرێن، لەگەڵ نوسینی زانیاری و داتای ئەوانەی کار لە شوێنەکە دەکەن.
**شەشەم:**
أ- نابێت ئاستی بەرکەوتنی مرۆڤ بۆ چڕی توانا کە لە هەریەکێك لە پێکهاتەکانی سیستەمی مۆبایل دەردەچێت لە (٠,٤) چوار لە دەی میلی وات/سم٢ زیاتر بێت.
ب- نابێت ئاستی بەرکەوتنی مرۆڤ بۆ چڕی توانا کە لە هەریەکێك لە پێکهاتەکانی سیستەمی ئینتەرنێت دەردەچێت لە (٠,٤) چوار لە دەی میلی وات/سم٢ زیاتر بێت.

ج- چوونە ناو ئەو ناوچانەی ئاستی بەرزیان لە  ووزە هەیەو، دەکەونە بەرامبەری ڕووی پەخشی پێشەوەی ئەنتێنەکان، کە بە پێی ئەم ڕێنماییە دیاریکراوە قەدەغەیە.

**حەوتەم:** دانانی مۆلیدەی کارەبایی پێشکەوتووی کوالێتی بەرزو ڕەچاوی پاراستنی کوالێتی هەوا بکات و، نابێت سووتەمەنی کوالێتی نزم بەکار بهێنرێت بۆ ئیشپێکردنی، بەڵکو دەبێت ئەو سووتەمەنیانە لە کوالێتی کۆنترۆڵ دەرچوبن و بە پێی ستاندادری جیهانی بن، پێویستیشە مۆلیدەی کارەبای بێ دەنگ (کاتم صوت) بێت، نابێت ئاستی ژاوەژاوی لە (٧٠) حەفتا دیسیبیل زیاتر بێت لە دووری یەک مەترەوە، هەروەها پێویستە کۆمپانیەکانی گەیاندن ووزە نوێبووەکان بەکار بهێنن وەک شانەکانی خۆر (PANAL SOLAR) بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەتایبەت لە دەرەوەی شارەکان کە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە بۆ دامەزراندنی فۆتۆڤۆلتیک (PV) کە ووزەیەکی خاوێنەو دۆستی ژینگەیە.

**هەشتەم:** دانانی وێستگەکانی پەخشی تیشکی (KU BAND) ڕێگە پێدراو نییە.

**ماددەی(٤):**

کۆمپانیاکانی خاوەنی سیستەمەکان کە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییانە دەیانگرێتەوە، ئامێری پێوانەی تیشکی کارۆموگناتیسی(کە لەپێکهاتەکانی سیستەمی مۆبایل دەردەچێت) دابین دەکەن هەروەها پێویستە لەسەر فەرمانبەرانی کۆمپانیاکانی گەیاندن کەلە نزیك یان لەسنووری تیشکدەرە کارۆموگناتیسیەکان کاردەکەن، ئەو ئامێرە کەسییانە بەکاربهێنن کە زەنگی ئاگادارکردنەوەیان هەیە لەو کاتەی توندی تیشکە کارۆموگناتیسیەکان لە ئاستی ڕێپێدراو بەرزتر دەبێت.

**ماددەی (٥):**

یەکەم: بە مەبەستی پێدانی ڕەزامەندی ژینگەیی بۆ دامەزراندنی سیستەمی مۆبایل و ئینتەرنێت، پێویستە داواکار ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بکات:

أ- مۆڵەتی ڕێگاپێدان لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەپێی ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانەی  کە لە لایان پەیڕەو دەکرێت.

ب- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ ئەو پرۆژانەی لە پۆلێنی (ب)دان بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی یاسای پاراستن و چاکردنی ژینگەو ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە پۆلێنی پرۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

ج- نەخشەی دیزایینی سیستەمی مۆبایل کەتێیدا کارە تەکنیکییەکانی پەیوەندی، ئاستەکانی ووزەی بەکارهاتوو، لەرەلەری کارپێکراو، جۆری ئەنتێنەکان و بەرزییان، زانیاری لەسەر چڕی توانای پێشبینیکراوی لە دەوروبەری کاری بەشەکانی سیستەمەکە.

د- ڕەزامەندی وەزارەتی ژینگەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

**دووەم:** لایەنی پسپۆر لە دەستەی ژینگە لە داواکە دەکۆڵێتەوە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکە، گەر داواکەی ڕەتکردەوە دەبێت هۆیەکەی دیار بکات، ئەگەر لەو ماوەیەشدا ڕەزامەندی لەسەر داواکە نەدرا، ئەوا بەرەتکراوە دادەندرێت.

**سێیەم:** ئەو ڕێکارانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بەسەر فراوانکردن و زیادکردن و نۆژەنکردنەوەکانی سیستەمەکەدا جێبەجێ دەکرێت.

**چوارەم:** ڕەزامەندی لایەنی ژینگەیی جێگرەوەی ڕەزامەندی هیچ لایەنێکی دیکە نییە کە یاسا بەرکارەکان داوای پێشکەشکردنیان دەکەن بۆ لایەنی مۆڵەتدەر، هەروەها ڕەزامەندی لایەنەکانی دیکەش ئەلتەرناتیڤ (بدیل) نیە بۆ ڕەزامەندی ژینگەیی.

**پێنجەم:** لەحاڵەتی پابەندنەبوونی کۆمپانیا تایبەتەکانی مۆبایل بە مەرجە ژینگەییەکانی ئەم ڕێنماییانە، بەپێی ماددەی(٤١ و٤٢) لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

**ماددەی(٦):**

ڕێگا دەدرێت بە دانانی وێستگەی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەم شوێنانە:

أ- لە دەرەوەی سنووری نەخشەی بنەڕەتی شارو شارۆچکەو گوندەکان و ئەو شوێنانەی ڕوو لە گەشەپێدانن.

ب- لە ناوەوەی سنووری نەخشەی بنەڕەتی شارو شارۆچکەو گوندەکان و ئەو شوێنانەی کە روو لە گەشەپێدانن و لەشوێنی پیشەسازی و کۆگا.

ج- ڕێگا نادرێت بە دانانی وێستگەی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە شوێنی نیشتەجێبوون.

د- ڕێگا نادرێت بە دانانی وێستگەی پەخشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە سەر موڵك و باڵەخانەکان.

**ماددەی (٧):**

سنوری بەرکەوتنی دڵنیایی لە وێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەم شێوەیەیە:

**یەکەم:** سنوری بەرکەوتن بە تیشکی نائایۆنی لە نێوان(١٠٠) تا (١٨٠) (سەد تا سەدو هەشتا) مللی وات/سم٢ بەپشت بەستن بە لەرەلەری پەخشی ڕادیۆیی لە جۆری AM.

**دووەم:** سنوری بەرکەوتن بە تیشکی نائایۆنی لە(٠.٢)دوو لە دە مللی وات/سم٢ بەپشت بەستن بە لەرەلەری پەخشی ڕادیۆیی لە جۆریFM.

سێیەم: سنوری بەرکەوتن بە تیشکی نائایۆنی لە (٠.٢)دوو لە دە مللی وات/سم٢ بەپشت بەستن بە لەرەلەری پەخشی پەخشی تەلەڤزیۆنی لە جۆری VHF.

**چوارەم:** سنوری بەرکەوتن بە تیشکی نائایۆنی بە لەرەلەری نێوان (١٨٠٠- ٢٠٠٠) مێگا هێرتز،(١) مللی وات/سم٢ بە پشت بەستن بە لەرەلەری پەخشی تەلەفزیۆن لە جۆری(UHF) بەپێی سنوری فریکوێنسی سەنتەری پەخش.

**پێنجەم:** دانانی وێستگەکانی پەخشی تیشکی ( KU BAND ) ڕێگەپێدراو نییە.

**ماددەی( ٨):**

لایەنی داواکار بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دانانی وێستگەکە، لە دەستەی ژینگە داواکاریەك پێشکەش دەکات بەپێدانی ژمارەی ووردی بەرزی ئەنتێنەکان و دووریەکانی پەرژین و وردەکاری دیزاینەکەو، ئەو دووریەی کە سنوری بەرکەوتنی بێ زیان دابین دەکات، لەسەر دەستەی ژینگەش پێویستە ووردبینی بکات بەر لە پێدانی ڕەزامەندی ژینگەیی.

**ماددەی(٩):**

لایەنی داواکار بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ژینگەیی بۆ دانانی وێستگەکانی پەخش پێویستە داواکاری پێشکەش بکات بۆ دەستەی ژینگە/ فەرمانگەی ژینگەی ئەو پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ کە شوێنی پێشنیارکراو بۆ دامەزراندنی وێستگەی پەخشەکە دەکەوێتە سنورەکەی و، دەبێت ئەم بەڵگانەی خوارەوە هاوپیچ بکرێت:

١- ڕیگەپێدانی دەرچوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە /تایبەت بە دانانی وێستگەی پەخش.

٢- تاپۆی موڵکەکە یان گرێبەستی بەکرێگرتنی موڵکەکە بۆ ئەو پارچە زەوییەی کە وێستگەکەی لەسەر دادەمەزرێنن.

٣- ڕەزامەندی شارەوانی، ئەگەر شوێنەکە لە ناوسنوری شارەوانیدا بوو یان ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی ئەگەر هاتوو شوێنەکە لەدەرەوەی سنووری شارەوانی بوو، لەگەڵ نەخشەی ووردەکاری شوێنەکە لەڕووی سنورو ڕووبەرو ژمارەی پارچە زەویەکەو بەکارهێنانی زەویەکانی دەوروبەری شوێنەکە، بە مەرجێك شوێنەکە لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون بێت.

**چوارەم:** ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ پرۆژەکە لە لایەن فەرمانگەی ژینگەی ئەو پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ کە شوێنی پێشنیارکراو بۆ دامەزراندنی وێستگەی پەخشەکە دەکەوێتە سنورەکەی، لەگەڵ ووردەکاری تەکنیکی و ئەندازیاری تاوەرەکان و فریکوێنسی و توانای پەخش و تەکنیکی بەکارهێنراو و جۆری ئەنتێنەکان و ژمارەیان و دیاریکردنی ڕووبەری پێویست و دووری پەرژین لە بنکەی تاوەری پەخش بە ووردەکاریەوە.

**پێنجەم:** دەستەی ژینگە یان فەرمانگەی ژینگە لەپارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان رەزامەندیی بدەن یان نەیدەن یان داوای زانیاری پێویست بکەن ، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆی ئەژمار دەکرێت، بە تەواو بوونی ماوەکەش ئەگەر داواکار هاوکار نەبوو لە هێنانی پێداویستییەکان، ئەوا داواکاریەکە بە ڕەتکراوە دادەنرێت.

**ماددەی (١٠):**

خاوەنی چالاکی ڕێگەپێدراو پێویستە ئەم ڕێوشوێنانە بگرێتە بەر:

**یەکەم:** دانانی سنورێکی دیارو نیشانەی ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو شوێنەی کەتیشکی بەرکەوتنی زیاترە لە سنووری ڕێگە پێدراو بۆ ناسینەوەی شوێنەکە.

**دووەم:** بەکارهێنانی مۆلیدەی کارەبایی بێ دەنگ بێ دوکەڵ.

**سێیەم:** پەرژینکردنی شوێنێکی دیاریکراو بۆ دانانی سەنتەری پەخش بە (B.R.C) یان لە هەر ماددەیەکی دیکەی بیناسازی کە بەرزیەکەی کەمتر نەبیت لە (٢) دوو مەتر.

**چوارەم:** دابینکردنی کەرەستەو ئامێری جێگیرو گواستراوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی بەرکەوتنی تیشکی کارۆ موگناتیسی دەرچوو لە وێستگەی پەخش لەناوەوەو دەرەوەی پەرژین و، تۆمارکردنی لە پەراوی تۆماری ڕۆژانەدا بۆ هەڵسەنگاندنی لە لایەن تیمی چاودێری ژینگەیی . هەروەها دەبێت کەل وپەل و ئامێرەکانی پێوانەکردنی جێگیر و گواستراوە بەپێی دامەزراوەی جیهانی و سیستەمی جیهانی (ئایزو) بێت و، بەجێگیرکردنی ژمارەیان و مواسەفاتەکانیان لەگەڵ بەرایییەکانی ڕەزامەندی دەرچوو لە فەرمانگەکانی ژینگە.

**پێنجەم:** هەر زیادکردنێک و نوێکارییەک بەبێ ڕەزامەندی فەرمانگەکانی ژینگە بەسەرپێچی دادەنرێت و سزای یاسایی بەدواوە دەبێت.

**ماددەی (١١):**

وێستگەکانی پەخش و ئەوسیستەمانەی پێش ئەم ڕێنماییە دامەزراون پێویستە لە ماوەی ساڵێکدا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم ڕێنماییەداو، ئەویش لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستانەوە بۆیان ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی(١٢):**

پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندار ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صديق**
**سەرۆکی دەستە**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بەیان: ٢**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٢/١٢/٦**

**بەیان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بە حوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای (بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی - وەقایعی کوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەیەکی چاپ لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری (هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمانی کوردستان)، بە زمانی (عەرەبی)، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

- لە خاڵی (٣)ی بڕگەی (یەکەم)ی بڕیارەکە:
- گۆڕینی ناوی (منی نبی قادر) بۆ (منی نبی نادر).

**منی نبی قهوچی**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٦٨٥٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (شاکەل)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٠٩ی هەموار کراو و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە ( ٨٢٩ لە ٢٠٢٢/١٠/١٧ ) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە:

**یەکەم:** فراوان کردنی حەرەمی گوندی شاکەل و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی سەرقەڵا سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (١١) یازدە دۆنم لەسەر پارچەی زەوی ژمارە(١٢٤/سەرقەڵا) کەرتی (٤)ی شاکەل و بەمەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (شاکەل) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٧٢٥٣ لە ٢٠٢٢/١١/٢٩**

**بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێناکایەی گوندی (بان گامێشان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٠٩ی هەموار کراو و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ئاماژە بە نووسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە ( ٣٥٠١لە ٢٠٢٢/١٠/١٦) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (بان گامێشان ) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە ناحیەی مەیدان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (١٨) هەژدە دۆنم لەسەر پارچەی زەوی ژمارە (٥ کەرتی ٢)ی (خوڕ خوڕ - عەلی پەکان - قەرەچەم) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی گەرمیان هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٩١٩٩ لە ٢٠٢٢/١٢/١١**

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی(سمریت)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٠٩ی هەموار کراو و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٨٠٩٣ لە ٢٠٢٢/١١/٢٢) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

**یەکەم:** فراوان کردنی حەرەمی گوندی سمریت سەر بە قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بە ڕووبەری(٧٠ ) حەفتا دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٥) کەرتی (٤١/عین سفنی الشمالیە) و بەمەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرەمی گوندی (سمریت) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لە بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی سێیەمی سلێمانی )لە پارێزگای سلێمانی.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- راگرتنی دەوامی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجیکردنی هەولێر لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١١) تاکو (٢٠٢٣/١/٢ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی جێبەجیکردنی هەولێر لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١١) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣-ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

راستکردنەوەی برگەی یەکەمی بەیانی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە.

١- راگرتنی دەوامی فەرمی لە **بەڕێوەبەرایەتی جێبەجیکردنی هەولێر و دەوروبەری** لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١١) تاکو (٢٠٢٣/١/٢ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

وەزارەتی داد

## بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی دەوامی فـەرمی لـە فەرمانگەکـانی دادنووسـی یەکەمـی هەولێـر و دەوروبەری لـە ڕێکـەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٣/١/٢ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هـەموو فەرمانبـەرانی فەرمانگەکـانی دادنووسـی یەکەمـی هەولێـر و دەوروبەری لـە ڕێکـەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئـەم بەیانـە لـە ڕۆژی دەرچـوونی جێبـەجێ دەکرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی(وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبداللە**

**وەزیری داد**

---

## بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٢

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی کارەکانی (ژمێریاری و تۆمار) لە بەڕێوەبەرایەتی جێبـەجیکردنی سـلێمانی و دەوروبەری لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٥) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هـەموو فەرمانبـەرانی بەڕێوەبەرایـەتییەکانی جێبـەجیکردنی سـلێمانی و دەوروبەری لـە ڕێکـەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٥) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١ ) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئـەم بەیانـە لـە ڕۆژی دەرچـوونی جێبـەجێ دەکرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی(وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبداللە**

**وەزیری داد**

---

## بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٢

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چـاودێری ناکامەکـان لە سـلێمانی و دەوروبەری لـە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هـەموو فەرمانبـەرانی بەڕێوەبەرایـەتییەکانی چـاودێری ناکامەکـان لە سـلێمانی و دەوروبەری لـە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٢/١٢/٣١ ) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئـەم بەیانـە لـە ڕۆژی دەرچـوونی جێبـەجێ دەکرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فەرمـی(وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبداللە**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- راگرتنی دەوامی فەرمی لە بەڕێوەبەراتییەکانی جێبەجێکردنی ڕاپەڕین و دەوروبەری (پشدەر و حاجیاوە) لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٣/١/٢ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەراتییەکانی جێبەجێکردنی ڕاپەڕین و دەوروبەری (پشدەر و حاجیاوە) لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١٨) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی ئیش و کاری فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی و دەوروبەری لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٠) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی و دەوروبەری لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٠) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی ئیش و کاری فەرمانگەی دادنووسی هەڵەبجە و دەوروبەری لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٠) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەی دادنووسی هەڵەبجە و دەوروبەری لە رێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٠) تاکو (٢٠٢٣/١/٢) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە :

١- راگرتنی ئیش و کاری سەرجەم بەڕێوەبەراتی و تێبینەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رێکەوتی (٢٠٢٣/١/٢) تاکو (٢٠٢٣/١/٥ ) بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ .

٢- هەموو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەراتی و تێبینەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رێکەوتی (٢٠٢٣/١/٢) تاکو (٢٠٢٣/١/٥ ) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٥٠٢٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە برگەی دووەمی مادەی شەشەم لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١١) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ و بە مەبەستی رێکخستن و زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان لە بواری حەج و عومرە لە پارێزگا و ئیدارە سەربە خۆکان و قەزا و ناحیەکان بریارماندا :

**یەکەم:** گۆرینی ناوی بەرێوەبەرایەتیەکانی حەج و عمرە بۆ بەش (نووسینگە) کە راستەوخۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی حەج و عمرە دەبن بەم شێوەی خوارەوە:

١- بەشی ( نووسینگەی) حەج و عمرە لە پارێزگای هەولێر.

٢- بەشی ( نووسینگەی) حەج و عمرە لە پارێزگای سلێمانی.

٣- بەشی ( نووسینگەی) حەج و عمرە لە پارێزگای دهۆک.

٤- بەشی ( نووسینگەی) حەج و عمرە لە پارێزگای هەڵەبجە.

٥- بەشی ( نووسینگەی) حەج و عمرە لە ئیدارەی گەرمیان.

**دووەم:** کردنەوەی ئەم بەش (نووسینگەی) نوێ یانەی خوارەوە کە راستەوخۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی حەج وعمرە دەبن:

١.بەشی (نووسینگەی) کارو باری حەج و عمرە لە ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین.

٢. بەشی ( نووسینگەی) کارو باری حەج و عمرە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران

٣. بەشی (نووسینگەی) کارو باری حەج و عمرە لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**سێیەم:** ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە بەرواری رێکخستنی پەیکەری بەرێوە بەرایەتی گشتی حەج و عمرە .

**د. پشتوان صادق عبدالله**

**وەزیری ئەوقاف و کاروبار ئایینی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٦٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( یەکەی بەرەنگاربوونەوەی تووتن) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاراستنی تەندروستی سەر بە هۆبەی نەخۆشیە نەگوازراوەکان ، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك - هەڵەبجە - گەرمیان - ڕاپەڕین - کۆیە - سۆران - زاخۆ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١١/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٦٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی پشکنینی ددان) لە سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٣.

**بەیانی ژمارە (٦٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی راستکردنەوەی ددان) لە سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٣.

**بەیانی ژمارە (٦٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی چارەسەرکردنی ددان) لە سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٣.

**بەیانی ژمارە (٧٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی نەشتەرگەری ددان) لە سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/١٢/١٣.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**
**رقم بيان: ٢**
**تاريخ بيان: ٢٠٢٢/١٢/٦**

**بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢**

أستناداً الى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنه ١٩٩٩ قانون (النشر في الجريدة الرسمية - وقائع كوردستان)، ونظرا لوجود خطأ طباعي في القرار رقم (١) لسنة ٢٠١٩ قرار (انتخاب رئيس ونائب الرئيس وسكرتير برلمان كوردستان) باللغة (العربية)، ارتأينا ضرورة تصحيح الخطأ على الوجه الآتي:

- في البند (٣) من الفقرة (أولاً) من القرار:
- تغيير اسم (منى نبي قادر) إلى (منى نبي نادر)

**منى نبي قهوچى**
**سكرتير برلمان كوردستان - العراق**